IFC International Finance Corporation WORLD BANK GROUP

# دامەزراوەی بەدەزگاکردن بۆ بەڕێوەبەران GIoD

## بەرنامەی بەدەزگاکردنی ئەلیکترۆنی




Website: www.iraqi-iod.org
Email:info@iraqi-iod.org
Contact number: +964 (0) 750 8787872 - +964 (0) 750 8787873

# بەرنامەی بەدەزگاکردنی ئەلیکترۆنی

**ئەم بەرنامەیە لە سێ بەش پێکدێت:**

**بەشی ١: COBIT 5 – بڕوانامەی بنچینەیی (ئامانجی کۆنترۆڵکردن لە زانیاری و تەکنیکەکانی پەیوەست بە بابەتەکە)**

**بەدەزگاکردن و بەڕێوەبردنی تەکنۆلۆژیای زانیاری**

**پێشەکی:**

**COBIT 5 نەوەی داهاتوو لە ڕێنمایی ISACA پێشکەش دەکات کە دەربارەی بەدەزگاکردن کۆمپانیاکان و بەڕێوەبردنی تەکنەلۆژیای زانیارییە. ئەم بەرنامەیە پشت دەبەستێت بە زیاتر لە ١٥ ساڵ بەکارهێنانی کرداریی و جێبەجێکردنی COBIT لە لایان چەندین کۆمپانیا و بەکارهێنەران لە کۆمەڵگەی کار و تەکنۆلۆژیای زانیاری و مەترسی و ئاساییش و گرەنتی. وە ئەمڕۆش، زیاتر لە هەر کاتێک کە تێپەڕیوە، پێویستە زانیاری و تەکنۆلۆژیای پەیوەست بەم بابەت بە شێوەیە گشتگیریانە بەڕێوە ببرێن – لەگەڵ نموونەیەکی کردارەکی تەواوکار کە بتوانێت بە شێوەیە گشتی ڕۆڵ و بەرپرسیارەتی و پراکتیزەی پێویست لە خۆ بگریت.**
**COBIT 5 چوارچێوەیەکی کاری گشتی پێشکەش دەکات کە یارمەتی کۆمپانیاکان دەدات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان لە بوارەکانی حکومڕانی و بەڕێوەبردنی تەکنۆلۆژیای زانیاری دامەزراوەکاندا. ئەو هاوکاری کۆمپانیاکان دەدات لە بەدیهێنانی بەهایەکی نموونەیی تەکنۆلۆژیای زانیاریی لە ڕێگای پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان بەدەستهێنانی قازانج و چاککردنی ئاستی مەترسییەکان و بەکارهێنانی سەرچاوەکان. COBIT 5 بە شێوەیەکی گشتگیریانە ڕێگا بە بەڕێوەبردنی تەکنۆلۆژیای زانیاری دەدات، بە لەبەرچاو گرتنی بوارەکانی بەرپرسیارەتی تەواوی کارە بازرگانی و تەکنۆلۆژیای زانیاری، هەروەها ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی پەیوەست بە تەکنۆلۆژیای زانیاریی خاوەن بەرژەوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان. COBIT 5 بۆ کۆمپانیاکان لە هەر قەبارەیەکدا بن؛ کۆمپانیاکە بازرگانی بێت یان قازانج نەویست یان کەرتی گشتی بێت، بەسوودە.**

**ئامانجی فێربوون:**
**کاتێک بە سەرکەوتووی ئەم خولە ڕاهێنانییە تەواو دەبێت ، مەشقپێکراوان فێری:**

- **کیشەی بەڕێوەبردنی تەکنۆلۆژیای زانیاری و ئەو ئاستەنگیيانەی کە کار لەسەر ڕێکخراوەکان دەکەن**
- **بەدەزگاکردن کۆمانیاکان و بەدەزگاکردن و بەڕێوەبردنی چەمکەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری لەسەر دامەزراوکان**
- **داواکارییە گشتییەکان لە خاوەن بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی بواری بەدەزگاکردن و بەڕێوەبردنی تەکنۆلۆژیای زانیاریی بۆ دامەزراوەکان.**
- **قازانجە سەرەکییەکانی بەدەزگاکردن کارا و بەڕێوەبردنی تەکنۆلۆژیای زانیاری بۆ دامەزراوەکان.**
- **پێویستی چوارچێوەیەکی کارا بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی تەکنۆلۆژیای زانیاریی دامەزراوەکان.**
- **بنەما سەرەکییەکانی COBIT 5 بۆ بەدەزگاکردن و بەڕێوەبردنی تەکنۆلۆژیای زانیاریی دامەزراوەکان.**
- **بونیادی چوارچیوەی COBIT 5**
- **چۆن COBIT 5 دەتوانێت تەکنۆلۆژیای زنیارییەکان بەڕێوە ببات و بە شێوەیەکی گشتگیریانە پرۆژەکە بە تەواوی بەڕێوە ببات.**

  1. **چالاکییەکانی COBIT 5 و نموونەیەکی سەرچاوەیی لەسەر چالاکییەکان (PRM)**
  2. **چۆنییەتی بەکارهێنانی COBIT 5، لەگەڵ پێوەرەکان و باشترین پراکتیزەی تر**

3. ئەو ئەرکانەی کە COBIT 5 پێشکەش بە بەدەزگاکردن و بەڕێوەبردنی تەکنۆلۆژیای زانیاریی دەکات
- ڕێبەری ڕێکخستنەکان بۆ تاقیکردنەوە و پرسیارەکانی بروانامەی بنچینەیی COBIT 5.
- تێگەشتن لە ئاڕاستە و تەکنیکەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری نوێ کە لە COBIT 2019 زیادکراون.

داواکارییە سەرەکییەکان

بۆ بەشداریکردن لەم خولەدا هیچ داواکارییەکی پێشوەختە نییە، باشتر وایە کە بەشداربوان زانیاری و ئەزموونێکی سەرەتاییان لەسەر بەڕێوەبردنی تەکنۆلۆژیای زانیاریی دامەزراوەکان هەبێت.

کێ دەتوانێت بەشداری بکات؟
- بەڕێوبەری کارەکان
- سەرۆکی جێبەجێکارەکان
- پشکنەرانی تەکنۆلۆژیای زانیاری/ ڕێکخستنی زانیارییەکان و پشکنەرە ناوخۆیەکان
- پارێزەرانی ئاسایشی زانیارییەکان و ئەوانەی پراکتیزە تەکنۆلۆژیای زانیاری دەکەن
- ڕاوێژکاری بەرێوەبردنی تەکنۆلۆژیای زانیاری
- بەڕێوەبەری تەکنۆلۆژیای زانیاری/ ڕێکخستنی زانیارییەکان
- هەرکەسێک بیەوێت بڕوانامەی COBIT 5 بە دەست بهێنێت

وشەکاری پەیڕەوەکە

1. ئەستەنگییەکانی بەدەزگاکردن و بەڕێوەبردنی تەکنۆلۆژیای زانیاری
2. ئەستەنگییەکانی بەدەزگاکردن تەکنۆلۆژیای زانیاری
3. توێژینەوەی توانای جێبەجێکردن تایبەت بە COBIT 5
4. خولی تێڕوانینی گشتیی لەسەر COBIT 5

پێنج بنەمای سەرەکی
1. گەشتن بە پێویستییەکانی خاوەن بەرژەوەندییەکان
2. کۆتایی دامەزراوەکە لە کۆتاییدا باس دەکرێت
3. جێبەجێکردنی یەک چوارچێوەی تەواوکار
4. چالاککردنی ڕێگایەکی گشتگیر
5. جیاکردنەوەی بەدەزگاکردن لە بەڕێوەبردن

هۆکارەکانی چالاککردن
1. بنەما و سیاسەت و چوارچوەکان
2. چالاکییەکان
3. بونیادی ڕێکخستنەکان
4. ڕۆشنبیری و ڕەوشت و ئاکار
5. زانیارییەکان
6. خزمەت و ژێرخان و جێبەجێکردن
7. خەلک و توانست و کارامەییەکان

ڕێنوێنی جێبەجێکردن
1. ڕووداوە تەقێنەرەکان چین؟
2. تێڕوانین لە چوارچێوەی دامەزراوەکەدا

3. ڕێبازی سووڕی ژیان
4. چۆن پارێزگاری لە بەردەوامبوونی گەشەکە دەکەیت؟

**نموونەی هەڵسەنگاندنی توانای کردارەکی**

1. پێکهاتە سەرەکیەکان لەسەر نموونە
2. نموونەی COBIT 5
3. هەڵسەنگاندی تواناکان بکرێت

**ئامادەکاری بۆ تاقیکردنەوە**

1. ڕێگای بڕوانامەی COBIT 5
2. ئاڕاستەکردنی ئامادەکاری بۆ تاقیکردنەوە
3. پراکتیزەی پرسیاری تاقیکردنەوە COBIT 5

**تێڕوانینی گشتی لەسەر COBIT 2019**

1. چی نوێ لە COBIT 2019 هەیە
2. ئاڕاستەکانی چالاکی تەکنۆلۆژیایی زانیاری
3. ئاڕاستەی تەکنۆلۆژیایی زانیاری

**بەشی دووەم: بڕوانامەی دامەزراوی ITIL 4 - (نووسینگەی ژێرخانی تەکنۆلۆژیایی زانیاری)**

**بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکانی تەکنۆلۆژیایی زانیاری**

**پێشەکی**

**چوارچێوەی کاری ITIL لە سەرانسەر جیهاندا پێوەرێکی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکانی تەکنۆلۆژیایی زانیاریە. ITIL لە بابەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەکنۆلۆژیایی زانیاریی تایبەت بە خۆیان هاوکاری هەموو دامەزراوەکان دەکات، بە چاوپۆشین لە کەرتە پیشەسازی یان کەرتە کارییەکانی دامەزراوەکە، ئەمەش بە بەکارهێنانی زۆرترین ڕێگای کارامە و ئابووریانە. چوارچێوەکە جەخت لەسەر باشترین چالاکی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکانی تەکنۆلۆژیایی زانیاری و چالاکییە کاراکان دەکات، هەروەها لە دامەزراوە حکوومییەکان و بازرگانییەکان و قازانج نەویستەکان وەکو یەک بەکار دەهێنرێن.**

**ئەم خولە هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی سەرکردەکنی تەکنۆلۆژیایی زانیاری و چالاکوانان و فەرمانبەرانی پاڵپشتیی و ئەو فەرمانبەرانەی کە پەیوەندییەن لەگەڵ کاروباری ڕێکخستنی زانیارییەکان و زانیارییە ژمارەییەکانی دامەزراوەکەدا هەیە لەگەڵ تێگەشتنێکی کرداری بۆ چەمکە سەرەکییەکان و زمانی هاوبەش و بنەما و چالاکییەکان کە لە بەڕێوەبردنێکی سەرکەوتووانەی خزمەتگوزارییە سەردەمییەکاندا دەست دەکەوێت، ئەمانەش پاڵپشتی تەکنیکی زانیارییەکان دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا مەشقپێکراوان ئامادە دەکات بۆ تاقیکردنەوەی بڕوانامەی دامەزراوەی ITIL. ئەم خولە پشت بە سیستەمی ITIL 4 دەبەستیت بۆ ئەوەی باشترین پراکتیزەی بەدەستهێنراو لە نوێترین ڕینماییەکانی ٢٠١٩ بەکار بهێنێت.**

**ئامانجی فێربوون**

**کاتێک بە سەرکەوتووی ئەم خولە ڕاهێنانییە تەواو دەبێت ، مەشقپێکراوان فێری:**

- چەمکەکانی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی تەکنۆلۆژیایی زانیاری

- بنەما ئاڕاستەکراوەکانی ITIL چۆن یارمەتیدەر دەبن و ڕێکخستن بۆ بونیادنانی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکان و گونجاندنی ڕێکخستنەکە
- چوار دوورییەکەی بەڕێوەردنی خزمەتگوزاری
- هاوتابوون لەگەڵ کارەکان، کۆنترۆڵکردنی تێچووەکان و باشتر کردنی کواڵیتی خزمەتگوزارییەکانی تەکنۆلۆژیایی زانیاری
- ئامانجی سیستەمێکی تۆکمەی خزمەتگوزاری و پێکهاتەکانی
- ئەو ستراتیژییانەی بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگییەک لە نێوان سەرچاوەکانی تەکنۆلۆژیایی زانیاری هەن
- بەڕێوەبردنی کارایی چالاک بۆ تەکنۆلۆژیایی زانیاری
- ئامادەکاری بۆ تێپەڕبوون لە تاقیکردنەوەی دامەزراندنی ITIL 4

داواکارییە سەرەکییەکان
ئامۆژگاری دەکرێت بە زانینی دەستەواژەکانی تەکنۆلۆژیایی زانیاری و ئەزموونی کارکردن لە بوارەکانی پەیوەست بە تەکنۆلۆژیایی زانیاری.

کێ دەتوانێت بەشداری بکات؟
هەموو ئەوانەی کە گرنگی بە یەکخستنەوەی تەکنۆلۆژیایی زانیاری لەگەڵ کاروباری بازرگانیدا دەدەن، هەروەها ئەوانی گرنگی بە کۆنترۆڵکردنی تێچووەکانی تەکنۆلۆژیایی زانیاری یان کەمکردنەوەیان و باشترکردنی کواڵیتی خزمەتگوزارییەکانی تەکنۆلۆژیایی زنیارییەکان و هاوسەنگکردنی سەرچاوەکانی تەکنۆلۆژیایی زانیاری بە چەندین ڕێگای کارا.
هەروەها هەموو پسپۆرەکانی بواری تەکنۆلۆژیایی زانیاری و بەڕێوبەرەکانی پرۆژەکانی تەکنۆلۆژیایی زانیاری و بەڕێوبەری تەکنۆلۆژیایی زانیاری، ئەندامی پرۆژە یان تیمی تەکنۆلۆژیایی زانیاری، هاوکار و چالاککەری تۆڕەکان، شیکەرەوەی چالاکییە بازرگانییەکان، ئەندازیارە تەلارسازییەکانی تەکنۆلۆژیایی زانیاری، ڕاوێژکاران، یەکخەری دامەزراوەکان، بەڕێوبەر و فەرمانبەری نووسینگەی هاوکاری، پلاندانەران، پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری خولگەکان، بەڵێندەرە دەرەکییەکان، پەرەپێدەری ئاپەکان و ئەوانەی دی کە لە پۆستەکانی پەیوەست بە تەکنۆلۆژیایی زانیاری کار دەکەن. هەروەها ئەو کەسەی کە دەیەوێت بڕوانامەی دامەزراوەی ITIL بە دەست بهێنێت.

وشەکاری پەیڕەوەکە:
پێشەکی

1. تێڕوانینێکی گشتی لەسەر ITIL 4 و بەڕێوەبردنی خزمەتگوزاری تەکنۆلۆژیایی زانیاریی سەردەم
2. بۆچی دەبێت ITIL بکەین
3. چوارچێوەی ITIL 4
4. چەمکە سەرەکییەکان بۆ بونیادنانی بەهاکە

بنەماکانی هێڵی ڕێبەری ITIL
1. جەخت کردن لەسەر بەهاکە
2. پێشکەوتن بە شێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ وەرگرتنی دەستکەوتەکە
3. هەرەوزی و پتەوکردنی تیروانینەکە
4. بیرکردنەوە و کارکردن بەشێوەیەکی گشتی
5. سادەی بکە و بیکە بە کردارەکی
6. چاککردن و خۆکاری

چوار دوورییەکای بەڕێوەبردنی خزمەتگوزاری

1. ڕێکخراوەکان و خەڵک
2. زانیارییەکان و تەکنۆلۆژیا
3. هاوبەشەکان و خاوەن سەرمایەکان
4. هەڵقوڵانی بەهاکان و چالاکییەکان

زنجیرەی بەها خزمەتگوزارییەکانی ITIL

1. چاککردنەوەی بەردەوام ( لە نێویدا نموونەی چاککردنەوەی بەردەوام)
2. گۆڕینی کۆنترۆڵکردن
3. بەڕێوەبردنی ڕووداوەکان
4. بەڕێوەبردنی کێشەکان
5. بەڕێوەبردنی داواکاری خزمەتگوزاری
6. نووسینگەی خزمەتگوزاری
7. بەڕێوەبردنی ئاستی خزمەتگوزارییەکە

پراکتیزەی ITIL

1. بەڕێوەبردنی ئاسایشی زانیارییەکان
2. بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان
3. بەڕێوەبردنی خاوەن سەرمایەکان
4. بەڕێوەبردنی لە بەردەست بوون
5. بەڕێوەبردنی تواناکان و جێبەجێکردن
6. بەڕێوەبردنی پێکهێنانی خزمەتگوزارییەکە
7. شیکردنەوەی کاروباری بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی تەکنۆلۆژیایی زانیاری
8. بەڕێوەبردنی بەردەوامی خزمەتگوزارییەکان
9. بەڕێوەبردنی بڵاوکراوەکان
10. چاودێریکردن و بەڕێوەبردنی ڕووداوەکان
11. بەڕێوەبردنی بڵاوکردنەوەکان

ئامادەکاری بۆ تاقیکردنەوە

1. ڕێگای بڕوانامەی ITIL 4
2. ئاڕاستەکردنی ئامادەکارییەکان بۆ تاقیکردنەوە
3. پراکتیزە کردنی پرسیاری تاقیکردنەوە ITIL 4

شێوازی مەشق

- ڕێنماییکردنی گروپ بە ڕاستەوخۆیی
- بەکارهێنانی نموونەی ڕاستەقینە و توێژینەوەی بابەت و ڕاهێنان
- بەشداریکردن و تاوتوێکردنی کارا
- ژووری Zoom بۆ کاری کۆمەڵەکە و Trello و Google Sheets
- چلاکی و تاقیکردنەوە بە گروپ

شێوازی جێبەجێکردنی بەرنامەکە

ئەم بەرنامەیە لە ڕێگای تاوتوێی کارا و قوڵەوە لەسەر ئینتەرنێت جێبەجێ دەکرێت، هەروەها لە ڕێگای ڕۆڵ بینن و توێژینەوەی بابەت و تیشک خستنە سەر ئەو تەکنیکانەی بۆ بەشداربوان لە بەردەستن جێبەجێ دەکرێت. لەم بەرنامەیە لەگەڵ هاوپیشەکاندا کارلێک دەکەیت و لە ڕاهێنانە چڕەکانەوە فێر دەبیت، هەروەها بە گروپی فێردەبیت و بنەماکانی COBIT لە پراکتیزەکانی ڕۆژانەدا فێر دەبیت.

**بەشی ٣: بەڕێوەبردنی مەترسی تەکنۆلۆژیایی زانیاریی**

**پێشەکی**

بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری بریتییە لە جێبەجێکردنی بەڕێوبردنی مەترسییەکان لە چوارچێوەی تەکنۆلۆژیای زانیاری، وەک مەترسی ئەو کارانەی کە پەیوەستن بە بەکارهێنان و خاوەندارییەتی و چالاککردن و هاوبەشیکردن و کاریگەری و بونیادنانی تەکنۆلۆژیای زانیاری لە ناو دامەزراوەکەدا. لەم خولەدا پێناسە جیاوازەکانی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان ڕوون دەکرێنەوە لەگەڵ ئەو ڕێبازە جیاوازانەی کە بۆ بەڕێوەبردنی مەترسی تەکنۆلۆژیای زانیاری هەن. هەریەک لەوانە بۆ چەند چالاکییەک و چەند هەنگاوێک دابەشدەکرێن. هەروەها ئەم خولە تێڕوانینێکی گشتی لەسەر مەترسییەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری و بەڕێوەبردنی مەترسییەکان وەک پێشەکییەک بۆ دەرسەکان پێشکەش دەکات. مەشقی بەڕێوەبردنی مەترسی تەکنۆلۆژیای زانیاری ئەو توانایانە بونیاد دەنێت کە پەیوەستن بە دیاریکردن و هەڵسەنگاندن و پێشنیاری هەڵبژاردەی دەرچوونی گونجاو دەکات بۆ کەمکردنی ئاستی ئەو مەترسیانەی کە توشی دەبێت.

**ئامانجەکانی فێربوون**

کاتێک بە سەرکەوتووی ئەم خولە ڕاهێنانییە تەواو دەبێت ، مەشقپێکراوان فێری:

- تێگەیشتن لە مەترسییەکان و مەترسییەکان تەکنۆلۆژیای زانیاری و بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی تەکنۆلۆژیایی زانیاری
- چوارچێوەی مەترسییەکان تەکنۆلۆژیایی زانیاری
- بەکارهێنانی BIA (شیکردنەوەی کاریگەری کارەکان)
- پەرەپێدانی ڕێبازەکان بۆ مەترسییەکان
- دیاریکردنی ئەو ڕێگەیانەی مەترسییەکانی پێ دەژمێردرێت
- بەکارهێنانی تەکنیکێک بۆ پێوانی چەندیەتی و جۆریەتی مەترسییەکان لە کاتی تاوتوێی تۆڕەکان و پڕۆژەکان
- هەستان بە هەڵسەنگاندنی کوالیتی ڕێکخستنە ئاسایشە ئینتەرنێتییەکان لە کۆمپانیاکەتدا

**داواکارییە سەرەکییەکان**

ئامۆژگاری دەکرێت بە زانینی دەستەواژەکانی تەکنۆلۆژیایی زانیاری و ئەزموونی کارکردن لە بوارەکانی پەیوەست بە تەکنۆلۆژیایی زانیاری.

**کێ دەتوانێت بەشداربێت؟**

ئەو کۆمپانیایانەی کە دەیانەوێت مەترسییەکانت تەکنۆلۆژیای زانیاری کەم بکەنەوە و بەڕێوەی ببەن. بەڕێوەبەرانی تەکنۆلۆژیای زانیای کە ئارەزوو دەکەن ئاشنای چالاکییەکانی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان بن، هەروەها بۆ پسپۆڕانی بواری تەکنۆلۆژیای زانیاری کە بۆ ڕێبازەکانی بواری مەترسی تەکنۆلۆژیای زانیاری دەگەڕێن. بەڕێوەبەرانی بەرپرس لە پارەدان و بەڕێوبەرانی بەرپرس لە پاپەندبوون، هەروەها ئەو کەسانەی لە تەکنۆلۆژیای زانیاری کار دەکەن و پێویستیان بە پەرەپێدانی تواناکانیان هەیە، لە کاتێکدا کە کۆمپانیاکانیان ڕێگا بەم گۆڕانکارییە گەورەیە دەدەن.

**وشەکاری پەیرەوەکە:**

**تێڕوانینێکی گشتی لەسەر مەترسییەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری و بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی**

1. پێشەکی و ئامانجەکان
2. تایبەتمەندی مەترسییەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری
3. هۆکارەکانی مەترسییەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری
4. بەڕێووەبردنی تەکنۆلۆژیای زانیاری بەشێوەیە ناچالاک و ناکارامە
5. بەڕێووەبردنێکی کارای تەکنۆلۆژیای زانیاری
6. بەڕێوەبردنی مەترسییەکان
7. ڕێوشوێنەکانی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان
8. بنەماکانی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان
9. چالاکییەکانی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان
10. گرنگیی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان
11. ئاسایشی زانیارییەکان
12. یەکخستنی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان لەگەڵ سووڕی ژیانی پەرەسەندنی سیستەمەکەدا

پێشەکییەک لەسەر بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری

1. تێڕوانیانێکی گشتی لەسەر بەڕێوەبردنی مەترسییەکان
2. دۆسییەکانی بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری
3. شکستی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان لە تەکنۆلۆژیای زانیاری
4. هەنگاوە کاراکان بۆ بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری

ڕێبازەکانی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان و چالاکییەکانی ئاسایشی ئینتەرنێتی و بەڕێوەبەرانی تەکنۆلۆژیای زانیاری

1. جۆری ڕیکخستنەکانی بەڕێوەبردنی ناوەڕۆکەکان
2. چالاکییەکانی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان
3. چالاکییەکانی چوارچیوەکە
4. چالاکییەکانی بنچینەکان
5. وەڵامدانەوەی چالاکییەکان
6. چاودێری کردنی چالاکییەکان
7. تواناکان و تواناکانی پشکنینی تەکنۆلۆژیای زانیاری

ژماردنی مەترسییەکان

1. ڕێگای پێوانی بڕی بۆ مەترسییەکان
2. ڕێگای پێوانی جۆری بۆ مەترسییەکان

لە سەرکێشی مەترسە

1. پێشەکی و ئامانجەکان
2. بنەماکانی مەترسی IR
3. پەیوەندیکردن بە ئامانجەکانی کارەکە
4. یەکخستنی بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری لەگەڵ ERM
5. هاوسەنگکردنی تێچوو/ قازانج لە مەترسییەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری
6. پتەوکردنی پەیوەندییەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و کراوە

7. دروستکردنی ئاوازێک لە بەرزترین ئاست و بەرپرسیارەتیدا
8. ئیشکردن وەک بەشێک لە چالاکییەکانی رۆژانە
9. تەکنیکی زانیارییەکان چی لە مەترسی دەکات؟
10. سوودەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری مەترسییەکان
11. چوارچێوەی تەکنیکی زانیاری بۆ مەترسییەکان
أ. چوارچێوە: کۆنترۆلکردن
ب. چوارچێوە: بەڕێوەبردنی مەترسییەکان
ج. چوارچێوە: هەڵسەنگاندنی مەتسییەکان
د. چوارچێوە: وەڵامدانەوەی مەترسییەکان

ماوەی بەرنامەکە: ٦ رۆژ
زمانی بەرنامەکە: بە هەردوو زمانی ئینگلیزی – عەرەبی لە بەردەستە

بۆ زانیاری زیاتر و بەشداری کردن پەیوەندیمان پێوەبکەن لە ڕیگەی:


نووسینگەی بەغداد: کەڕادە، مەیدانی عقبة بن نافع، بینای المحطة.
نووسینگەی هەولێر: شەقامی گوڵان، بینای یەکێتیی ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکانی کوردستان، نهۆمی چوارەم.

info@iraqi-iod.org

+964 (0) 750 8787872
+964 (0) 750 8787873